زانیاری بۆ سەرپەرشتیاران

# ڕاپرسیی "ژیان و تەندروستیی گەنج"

لە نێوان 23ی مانگی دوو و 13ی مانگی سێ، هەرێمی سۆرملاند بە هاوکاری لەگەڵ قوتابخانەکان و شارەوانییەکانی پارێزگاکە، ڕاپرسینامەی "ژیان و تەندروستیی گەنج" ئەنجام دەدات. قوتابییان دەتوانن لە کاتی دەوامی خوێندندا ڕاپرسینامەکە پڕبکەنەوە. ڕاپرسینامەکە بە کۆمپیوتەر، تابلێت (surfplatta) یان مۆبایل وەڵام دەدرێتەوە و زانیارییەکانی چوونەژوورەوە بۆ قوتابخانە دەنێردرێت.

ڕاپرسینامەکە پەیوەندی بە بوارگەلی وەکوو بارودۆخی ژیان و شێوازی ژیان و تەندروستییەوە هەیە. ئەنجامەکان بۆ باشترکردنی ژیانی ڕۆژانەی منداڵان و گەنجان بەکار دەهێنرێت. بۆ نموونە ئەنجامی ڕاپرسینامەکانی پێشوو وەک بنەمایەک بۆ کردنەوەی پێشوازگەی وتووێژ و قسەکردن بۆ ئەو گەنجانەی کە حاڵیان باش نەبێت، بەکار هێنراوە.

بەشداریکردن دڵخوازانەیە و بەبێ ناو وەڵام دەدرێتەوە. وەڵامەکان بە ڕێسای گشتی پاراستنی زانیارییەکان (GDPR) و یاسای زانیاریی گشتی و پاراستنی نهێنی پارێزراون. کاتێک ئەنجامەکان پێشکەش دەکرێن، هیچ خوێندکارێکی تاکەکەسی ناتوانرێت دەستنیشان بکرێت. ئەگەر منداڵەکەت نایەوێت بەشداری بکات، یان ئەگەر تۆ وەک سەرپەرشتیارێک ناتەوێت منداڵەکەت بەشداری لە ڕاپرسینامەکەدا بکات، پێویستە بە مامۆستای منداڵەکە بڵێیت.

ئەگەر پرسیارت سەبارەت بە ڕاپرسینامەیەکە هەیە، تکایە پەیوەندی بەم ناونیشانانەی خوارەوە بکە.

لەگەڵ ڕێز و سڵاودا

کاتارینا گوستافسۆن

هەرێمی سۆرملاند

تەلەفۆن: 63 77 378-070

ئیمەیل: katarina.gustafson@regionsormland.se

گەشەپێدانی هەرێمی لە سۆرملاند | هەرێمی سۆرملاند (utvecklasormland.se)